

# کوردێك کچەکەی خۆی کوشت

حەمید کەشکۆلی

میدیاکانی سویدی رایانگەیاند کە باوکیکی کورد دوینی 21ی جانیوەری 2002، فاتمەی 26 سالەی کچی خوی کوشتووە، لە شاری ئوپساله. سەردیری هەوالەکە دەلی باوکەکە بە گولله کوشتییەتی. باوکە بە شەرەف و ناموسەکە سبەینیی ئەورو دانی بە کردەوەکەی ناوە و گیراوە. ئەوە چەندین ساله ئەو باوکە هەرەشە دەکا کچەکە بکوژی لەبەر ئەوەی کورەدۆستیکی سویدیی هەبووە.

سالی 1998 حوکمی هەرەشەکردنی ناقانوونی بە سەر باوك و برا 17 سالانەکەی ئەو دەمەی فاتمە دراوە پاش ئەوەی هەرەشەیان کردبوو بیکوژن. باوکەکە حوکمی بەمەرج ( راگرتنی راپەراندی) درا، کورەکەش خرایە ژیر چاودیری. ئوپساله شاری عیلم و زانستە دەبوایە لاوی کورد ئەو بوارەی بۆ لواوە بقوزیتەوە و شت فیر ببی، نەك ئنسان بکوژن.

جینایەتی لەو چەشنە تازە نییە لە سویددا، ماوە ناماوە بلاودەبیتەوە کە کوشتنی ناموسیی کوردەکان رووی داوە. ئەوەش سەرەنجامیکی زۆر خراپی هەیە بەسەر کورد و وەك گەلیکی نامتمدن و درندە دبینە بەرچاوی گەلانی دیکە.

بۆیە هەموو رۆشنبیرانی کورد بانگەشە و هان دەدەم لە راست کردەوەی قیزەوەنی وەها راوەستن و مەحکومی بکەن بە هەر ریگەیەك، وتار نووسین بی، قسەکردن بی لەگەل میدیاکان و هی دیکە.

بۆ چارەی کیشەی ناو مال ریگەگەل زۆرن جگە لە کوشتن. کیشەی ژن ومیرد بە تەلاق چارە دەکری، باوکیش دەتوانی لە کچی خوی حاشا بکا ئەگەر دەزانی شەرەفی لەکەدار دەکا، ئەوەش هەرچەند نائینسانییە بەلام لە تاوانیکی وەها رزگاری دەکا و هەروەهاش برا دەتوانی ئەو کارە بکا. سەیر ئەوەیە ئەو کردەوە نا ئینسانییانە لە ولات نایکەن لە ئوروپا دەیان کەن. بە راستیش کوردی ئیراق بۆ هەمو دنیا دەسەلمینن کە لە کوردەکانی پارچەکانی دیکە دواکەوتووترن. کەسیش مەسئوولی دەزگای تەناسلی کەسیکی دیکە نییە، بەلام لە ئۆروپا هەمو مەسئوولی ئەسبابی یەکترن. بە رای من ئەوەش هۆیەکی سەرەکی باوك یان برا خۆ بە سەر شۆر بزانی لەبەردەم خەلکی دیکە کە باسی کچیان دەکەن و ئەنجامەکەی دەگاتە ئەوەی باوك شەرەفە دوراوەکەی بگەرینیتەوە. خۆفروشی و جاشایەتی عەیب نەبووە، گەوادی بۆ ئەفسەرەکانی ئەمن ومخابەراتی بەعسی شوورەیی نییە، دزی و درۆ و دەلەسە وهەمو کرداریکی نامەردانەی تر زیرەکی و سەربەرزییە بەلام کچیك لە ئۆروپا بژیی و وەك خەلکی ئەم خودایە هاوالی هەبی ودلداری بکا، دەبتە گوناهیك، تاوانەکەی کوشتن و گوللەباران بیت !!

گەلی کوردان ! داوای سزای توند بۆ ئەو کوردە بە شەرەفە بکەن.

شایانی باسیشه که لەم بارەوە حوکمی قەتل لە ئیسلام دا نییە. سوورەت هەیە بە راشکاوی ریگە دەدا بە هەر کور وکچیك پیوەندی سیکسی بگرن بە رەزامەندی خویان، ئەگەر ژنەکە میردی نەبیت. لە گوندیی کوردیشم بیستووە وتیانە کە لە بەر کونە میزەکی زەلامیك ناکوژن، ئەو هەلویستەش هەرچەند لە دواکەتووییەوە هەلقولاوە بەلام زۆر لەو ئۆروپا نشینە کە ژن ومنالی خوی لە مالەوە حەپس دەکا و دەیانکوژی، ئنسانیترە.